# دۆسیەی ئەتۆمی و قەیرانە نێوخۆییەکان ئێران بە چ ئاقارێکدا دەبەن

خەلیل نادری



کۆماری ئیسلامی ئێران بەرهەمی دوولەتبوونی جیهان و دابەشبوونی بەسەر دووجەمسەری سۆسیالیستی و سەرمایەداریدا بوو، لەلایەکی دیکەوە دزینی شۆڕشی گەلانی ئێران و قۆرخکردنی ئەو شۆڕشە و بەلاڕێدابردنی ئامانج و ئاواتەکانی گەلانی ئێران بوو؛ ئەو ڕێژیمە بەهۆی دیکتاتۆری و پێشێلکاری مافی مرۆڤ و مافە ڕەواکانی گەلانی ئێران و زوڵم و زۆر و سەرکوت و کوشت و بڕ و زیندان و لە سێدارە دان، دواتر فتوای قەتڵوعامی رۆڵەکانی نەتەوەی کورد لەلایان خومەینی و هێرش بۆسەر کوردستان و ئازادیخوازانی دیکەی گەلانی ئێران؛ هەر لەسەرەتاوە ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کێشە و قەیرانی نێوخۆیی بۆوە کە بەشێکی پێوەندی بە نێوخۆی نیزام و ململانێی کاربەدەستانی ئەو ڕێژیمە و بەشێکی تری کێشەی لەگەڵ گەلانی زوڵم لێکراو و ئازادیخوازانی ئێران بوو.

لەوسەردەمانەدا ڕێژیم کە نەیدەتوانی لە بەرانبەر ئەو بزووتنەوە نارازییەدا خۆی ڕابگرێ و ئامادەش نەبوو ڕێگە بە ئازادیی و دیمۆکراسی بدا و دان بە مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد و گەلانی دیکەی ئێراندا بنێ و نەیدەتوانی کیشەی نێوان باڵەکانی ڕێژیم چارەسەربکا، بە فتوای جیهاد دژی نەتەوەی کورد و هەڵگیرساندنی شەڕ لەگەڵ عێراق خۆی لە قەیران و کێشە نیوخۆییەکان دەربازکرد. ئاکامی ئەوشەڕەش ماڵوێرانی و کوژران و کەمئەندامی و زەرەر و زیانێکی بەرچاو لە ژمارەیەکی زۆر لە ئینسانەکانی ئێران و عێراقی لێکەوتەوە. کوردستانیش بووە مەیدانی ململانێ و ناوەڕاستی شەڕ ، کیمابارانی هەڵەبجە و سەردەشت و ناوچەکانی تر و وێرانبوون و چۆلکردنی زیاتر لە ٥٠٠ ئاوایی هەردووبەشی کوردستان و مین ڕێژکردنی لەلایان ئەو دوو دەوڵەتە دیکتاتۆر و داگیرکەرەی کوردستانەوە کە تاکو ئێستاش قوربانیانی مین بەردەوامە و ڕۆژانە بە خەڵکی کاسبکار و گوندییەکان و شوان و کاروانچیاندا دەتەقنەوە، ئەوانە هەمووی بەرهەمی سیاسەتی سەرەڕۆیانەو دیکتاتۆرییانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بوون.

ئێستا ماوەیەکی زۆر بەسەر کۆتایی هاتنی شەڕ و خواردنەوەی پیاڵەی ژەهر لەلایان خومەینی و نەمانی دووجەمسەری و شکستی بلۆکی سۆسیالیستیدا تێپەڕ بووە. ڕێژیمی سەدام و کۆمەڵێک نیزام و سیستمی توتالیتێر روخاون. ریژیمی کۆماری ئیسلامی بە هۆی ململانێیە نێوخۆییەکان وپەرەسەندنی بزووتنەوەی ئازادییخوازیی خەڵکی ئێران بە گشتی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی ژنان و کرێکاران و لاوان و خوێندکاران و بەرین بوونەوەی کەلێنەکانی نێوان باڵەکانی دەسەڵات تووشی قەیرانێکی گەورەی نێوخۆیی بۆتەوە. بەڕووی دەرەوەشدا بەهۆی سیاسەتی سەرەڕۆیانە و درێژەدان بە پیتاندنی یۆرانیۆم و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی و سیاسەتی بشێوی نانەوەی ئێران لە عێراق و لوبنان و فەلەستین و ئەفغانستان و ناوچەکە و جیهان بەگشتی ؛ پشتیوانی کردنی ئەم ڕێژیمە لە تێرۆریزم و گرتن و کوشتنی رۆڵە ئازادییخوازەکانی ئێران و کوردستان ، لەسێدارەدان و سەرکوتی وەحشییانەی ڕاپەڕین و جووڵانەوە ئازادیخوازانەکانی خەڵکی ئێران و پێشێلکردنی مافە ئینسانی و ڕەگەزی و فەرهەنگی و کۆمەلایەتی و سیاسییەکانی گەلانی ئێران بەگشتی ، کۆڕ و کۆمەڵی نێونەتەوەیی و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی نیگەرانکردووە. بوونی پێوەندیی سەرکردایەتی کورد و ناساندنی خەباتە ڕەواکەی لەلایەک و بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی ئێران لەگەڵ دنیای دەرەوە توانیویەتی سەرنجی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بۆلای خۆی ڕابکێشێ و بەرانبەر ئەوەی لە ئێراندا ڕوودەدا وەدەنگیان بهێنێ. لەلایەکی دیکەشەوە پرسی هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ گەیشتن بە چەکی ئەتۆمی بووەتە پرسی سەرەکی و هۆی نیگەرانییەکی زۆری ئەمریکا و ئوروپا و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بەگشتی .بۆیەش پێشبینی چارەنووسی ڕێژیمی بەعسی سەدام و تاڵیبانیش بۆ ئێران چاوەڕێ دەکرێ، چوونکە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، وەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی بە یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی مانەوەی خۆی دەزانێ و ئامادە نییە دەستی لێهەڵبگرێ. لەلایەکی ترەوە ئامادەی کرانەوە و ریفۆرم و دابینکردنی ماف و ئازادییەکانی گەلانی ئێران و هەنگاونان بەرەو چارەسەرکردنی کێشە و قەیرانەکانی نێوخۆیی نییە ، ڕێژیمی ئێران دەسبەرداربوونی لەوەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی و دابینکردنی دیمۆکراسی و مافەکانی خەڵکی ئێران بە مەرگی خۆی و کۆتاییهێنان بە سیستەم و دەسەڵاتەکەی دەزانێ.

نیگەرانییەکانی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لە پرسی ئەتۆمی ئێران و وەدەنگهاتنیان بەرانبەر بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و سەرکوتی بەربڵاوی گەلانی ئێران، سزا ئابوورییەکان کە رژیمی دەسەڵاتدار و سپای پاسداران و سەرچاوە ماڵییەکانی دەگرنەوە، گەمارۆ و گوشاری سیاسی و دیپلۆماتیکی، کۆماری ئیسلامی تووشی قەیرانی ئابووری و سیاسی کردووە و زەنگی نەمان و دارمانی ئەو ڕێژیمە لێدەدەن ؛ بۆیە پێویستە لەلایان بزووتنەوەی دیمۆکراتیخوازی و بەگشتی خەڵکی ئێران و ئۆپۆزیسیۆنی دیمۆکراتیک و بزووتنەوەی سیاسی و هێز و لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە پشتیوانی لە گەمارۆو سەپاندنی سزاکانی سەر ئێران بکرێ.

کۆدەنگییەکی بێ وێنە لە نێو ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش و پەسەندکردنی بر□یارنامەی سەپاندنی سزای زیاتر بەسەر ئێراندا کە لە قەدەغە کردنی هەناردەی بەنزین بۆ ئێران و هەروەها قەدەغەکردنی هاتووچۆی ژمارەیەک لە بەرپرسانی ڕێژیم بۆ دەرەوەی وڵات کە دەستیان لە پێشێلکاری مافی مرۆڤ و سەرکوتەکاندا هەیە و بڕیاری دەست بە سەردا گرتنی داراییەکانیان ، سەپاندنی سزا بەسەرئەوکۆمپانیایانەی کاری بازرگانی لەگەڵ ڕێژیمدا دەکەن و لەلایەکی دیکەوە لە لیستی ڕەش دانانی ئەو بانکانەی کە لەگەڵ ناوەندە دیارەکانی ڕێژیم و سپای پاسداران کاری بازرگانی دەکەن، داخستنی سیستەمی ماڵی ئەمریکا بە ڕوویاندا، گوشارەکانی سەر ئێرانی قورستر کردووە و لەگەڵ قەیرانیکی ئابووری بەرەوڕوو بووەتەوە ؛ ئەو سزایانەش بە قازانجی بزوتنەوەی دیمۆکراسیخوازی خەڵکی ئێران دەشکێتەوە و سەرەتایەکن بۆ نەمان و ڕووخانی ڕێژیمی ئێران، نەمانی ئەو ڕێژیمەش لە قازانجی مرۆڤایەتی و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و گەلانی ئێران بە گشتییە. بەڕای من چی دیکە ئەمریکا و ڕۆژئاوا بەرامبەر پەلهاویشتن و بشێوی نانەوە و هەوڵدان بۆ ئەتۆمی بوونی ئێران بێدەنگ ڕاناوەستن و لە کۆتاییدا ئەو ڕێژیمە دەگەڵ هێرش و گورزی سەربازیی ڕووبەڕوو دەبێتەوە و ئەوەش هەلێک دەبێ بۆ سەهەڵدانی ڕاپەڕین و ڕووخانی ئەو ڕێژیمە و هاتنەسەرکاری ڕێژیمێکی دیکە. هەروەها ئەمریکا و هاوپەیمانانی ناوچەکە بۆ ئێران بە جێناهێڵن کە ساڵانێکی دوور و درێژە کار و سەرمایەگوزاریی تێدادەکەن، قەبووڵی ئێرانێکی ئەتۆمی و بەهێز لە ناوچەکە کە بەرژەوەندییەکانیان دەخاتە مەترسییەوە ناکەن.

بۆیە دەبێ هێز و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆیان بۆ ئەو ئاڵوگۆڕە بە پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی و ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئامادە بکەن ، بۆ ئەوەی وەک سەرەتاکانی هەڵگیرسانی شۆڕشی گەلانی ئێران کورد وەدوی شەڕی نێوخۆ و نەسازان لەگەڵ یەکتر نەکەون و بتوانن پشکی خۆیان و مافەڕەواکانی گەلی کورد کە ساڵەهایە خەباتی بۆدەکرێ و خوێن و ئارەقەی لەپێناودار دەڕژێ مسۆگەر بکەن؛ زەمانەتی پاراستنی دەسکەوتەکان و دووبارە نەبوونەوەی داگیرکاری و چەسپاندنی فیدراڵییەت و هەر مافێکی دیکەی کورد لە بەهێزبوون و یەکریزی بوونیاندایە.

# ڕەزا سەقایی بێژەری گۆرانییەکانی دایە دایە و «تفەنگ» کۆچی دوایی کرد



بەپێی هەواڵی تایبەت بە پارتی ئازادیی کوردستان، ڕۆژی ٢٧ پووشپەڕی ٢٧١٠ (١٨ جوولای ٢٠١٠)، ئوستاد ڕەزا سەقایی، هونەرمەندی گۆرانی بێژی لوڕ، کۆچی دوایی کرد.

هونەرمەند ڕەزا سەقایی، دوێنێ لە تاران، لە نەخۆشخانەی «ساسان»، بۆ هەمیشە ماڵاوایی، لە نیشتمان و نەتەوەکەی و ژیان و هونەر کرد.

ڕەزا سەقایی هەنەرمەندی گەورەی لوڕ، ساڵی ١٣١٨ هەتاوی لە «خوڕەم ئاوا»ی لوڕستان هاتبووە دنیا ئەو بە چڕینی گۆرانییەکانی دایە دایە وەختی جەنگە و تفەنگ و داڵەکەم و قەدەم خێر و موتورچی، نەک هەر لە نێو لوڕستان دا بەڵکو لە کوردستانیش ناوبانگی بەرفراوانی دەرکرد. گۆرانییەکانی ڕەزا سەقایی لە کوردستان لە ماڵێکی ئاساییەوە تا بنکە و بارەگای پێشمەرگە گوێی بۆ دەگیرا و سوکنایی بە بیسەرانی دەبەخشی و ورەی کوردایەتی بەبەردا دەکردن.

ئاهەنگی زۆربەی گۆرانییەکانی ڕەزا سەقایی لەلایان هونەرمەندی گەورەی کورد ئوستاد موجتەبا میرزادەوە ڕێکخرابوو و بەو جۆرە خەیاڵی ناسکی میرزادە و دەنگی بەسۆزی سەقایی ئاوێتەی یەکتر ببون و تابلۆیەکی جوان لە هەست و سۆزیان پێشکەش دەکرد.

وا بڕیارە کە تەرمی هونەرمەندی کۆچکردوو ڕەزا سەقایی، ڕۆژی سێشەممە پاش بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمێک لە تالاری «وەحدەت» لە تاران، بەرەوە زێدی خۆی و باو و باپیرانی واتە خوڕەمئاوای سەرکەش و سەرسەوزی لوڕستان، مەڵبەندی قەدەمخێری نەمر و کەڵەمێردانی لوڕ، بەڕێ بکرێت و لەوێ بە خاک بسپێردرێ.

مەرگی ڕەزا سەقایی، خەسارێکی گەورەیە بۆ ڕۆڵەکانی لوڕستان و کوردستان بە گشتی و ئۆگرانی هەنەر و موسیقای ڕەسەن بە تایبەتی.

پارتی ئازادیی کوردستان بەم بۆنەیەوە، سەرەخۆشی پێشکەشی بنەماڵە و کەس و کار و هەموو ئەویندارانی هونەر و گۆرانی لوڕی و کوردی دەکا.

سڵاو لە گیانی هونەرمەندی
گەورەمان ڕەزا سەقایی

# پەیامی سەرەخۆشی سەرۆکی PAK بەبۆنەی کۆچی دوایی سەعدی نەقشبەندی



بەبۆنەی کۆچی دوایی سەعدی نەقشبەندی، برای بەڕێزان شێخ مەسعود نەقشبەندی سکرتێری سپای رزگاری کوردستان و خاتوو چیمەن نەقشبەندی ئەندامی مەجلیسی گشتیی پارتی ئازادیی کوردستان و مامی خاتوو هامنۆ نەقشبەندی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی PAK، بەڕێز عەلی قازی محەمەد سەرۆکی پارتی ئازادیی کوردستان لە پەیامێکدا بەو بۆنەیەوە سەرەخۆشیی لێکردوون و هاودەردیی لەگەڵ دەربڕیون. ئەمەی خوارەوە دەقی پەیامی سەرۆکی PAK ە:

بەڕێز کاک شێخ مەسعود نەقشبەندی سکرتێری سپای رزگاری کوردستان، خوشکانی ئازیزم چیمەن خانم و هامنۆ خانم، بەبۆنەی کۆچی دوایی و مەرگی ناوادەی برا و مامی خوالێخۆشبووتان سەعدی نەقشبەندی پرسە و سەرەخۆشیتان پێشکەش دەکەم و خۆمان بە بەشداری خەمتان دەزانین. لە خوای گەورە دەپاڕێینەوە خوالێخۆشبوو بخاتە بەر دلۆڤانی خۆی و سەبووریش بە ئێوە و هەموو بنەماڵە و کەسوکارتان ببەخشێ.

بەڕێزەوە
عەلی قازی محەمەد
سەرۆکی پارتی ئازادیی کوردستان
٢١ پووشپەڕی ٢٧١٠
١٢ جولای ٢٠١٠